## ناوەندی چاک لەنێوان خۆشەویستی دۆستەکانی و سیناریۆ و ئەگەرەکانی چەند پارچەبووندا !

ئەمیرقادر /هۆڵەندا
hangau@gmail.com



چەند هەفتەی ڕابردوو و دوای ڕاگەیاندنێک کە زۆربەی دەستەی بەڕێوەبەری چاک کەلەکۆنگرەی کۆڵنداهەڵبژێرداربوون و دواتربە ناوی ڕەوتی چاکسازی و بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و لەسەربارودۆخی چاک بڵاویان کردەوە،چەند نامەو بابەت لەم بارەیەوە بڵاوکرانەوە لەوانە نامەی بەڕێز کەمال ڕەئوف و کاک خەلیل غەزەلی و کۆمەڵەی کوردانی لیدس و کاک حەمە غەفور و بزوتنەوەی ڕابوون،کەهەر یەک لەوانە دەتوانرێت بەدڵسۆزی پێنج کەس و لایەن بناسین کە لایان گرنگە چاک کەرت نەبێت و لەگۆشەی دڵسۆزیانەوە نووسراوە بۆ ڕێکخراوی چاک و دوابەدوای ئەوەش چەند بابەتی تر لەماڵپەڕەکاندا نووسراون هەندێکیان دەکرێت سەرنجیان بدرێت و بەشێکیشیان پڕن لەمهاتەرات و ناوزڕاندنی باشترین هاوڕێیانی چاکە کەمن نەک وەڵامدانەوەیان بەڵکو خوێندنەوەشیان بە گرنگ نازانم ، و لەلایەکی ترەوە ڕۆژانە نامەو تەلەفۆنی هاوڕێ و ئەندامانی چاک و دۆستەکانمان هەمان پرسیارمان ڕووبەڕوو دەکەنەوە و لەبەرانبەر هەمان پرسیاردا دامان دەنێن کە باچاک چەند پارچەنەبێت؟.
لام گرنگە کەڕاستیەکان و کێشەکانی چاک و ئەو هەوڵانەش کەدراون و دەدرێن و بخەمە ڕوو تا خوێنەرو خەڵکی کوردستان ڕاستیەکان لەدەمی خۆمانەوە ببیستن و هەرلێرەشەوە ڕۆشنایی بخەمە سەر چەند پارچەبوونەکانی چاک و ئاکامەکانی نەک دوو پارچەبوونی وەک باسی لێدەکرێت .
ناوەندی چاک وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری ئەگە ر بکرێت ئەو ناوەی لێبنێم کە بەپێی پرۆگرامی خۆی کەلەساڵی 2006دا لە کۆنگرەی کۆڵن پەسەند کراوە و من هەمیشە باسم کردووەو لام وابووە کەچاک ناتونێت ڕێکخراوبێت یان ناوی ڕێکخراوی هەبێت،لەباشترین هەلو مەرجی ڕێکخراوبوونیدا کەمپینێکی هەمەلایەنەی ناڕێکخراوە یان دەکرێت ببێتە فدراسیۆنێک بێت کە یەکێتی ئارەزوو مەندانە کۆیدەکاتەوە،بۆئەمەش زۆردەلیل هەن کەدەکرێت قسەیان لەسەربکەین و ئەمە لەڕەوتی کارەکان دەردەکەوێت و لەبارێکی ترەوەش بەم بارودۆخەشیەوەی کەهەی بووە لەچاو کۆمەڵگای کوردی پاوانکراوو مین ڕێژکراو بە پرۆژەو عەقڵی حیزبیەوە زۆری لەدەست هاتووە،بەڵام لەکۆتایشدا پەتای حیزب و بارگاوی کردنی بە پەیامی حیزب و بەتەقینەوەی ئەم مینانەی کەحیزب بۆیدانابوو نەیتوانی لەم شۆکە ڕزگاری ببێت.
چاک لەچەند ساڵی ڕابردوویدا بەچەند کاری گرنگی توانی جێ پێی خۆی لە بەرانبەر پاوانکاریەکانی عەقڵی حیزبیەوە بکاتەوە،کەگرنگترینیان دۆزی خەزرەجی و گەورەترینیان هاوکاری کردن بوو لەگەڵ

کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات و سزای 17 ساڵ بۆ ئەم تاوانبارەو هەڵدانەوەو زیندووکردنەوەی دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و تاونباران و کۆمپانیاهاوکارەکان بوو، دۆزێک کەدونیا بێدەنگ بوو لەبەرانبەریدا و جارێکیتر زیندووکرایەوە،هەموو بیسەرو بینەرو کەسێک لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەفیزێنەکان ئەمەیان بینی،تەنها میدیایەک کەلای گرنگ نەبوو میدیای حیزبی کوردی بووداوتر کەمپینی 18 کچەکە ،کەمپەینی دادگایی سەرانی بەعس و یەخەگرتن بەسەفارەتەکان و دروستکردنی فشاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناونەتەوەیەکان،دیارە چاک وەک ڕێکخراوی جەماوەری و پێک هێنەرو هەڵسوڕاوە سەرەکیەکانی بەزەحمەتی خۆیان و بەتەجروبە لە فەشەل هێنانی کاری حیزبی و یەکیەتی خەباتکارانە توانی بووی قاچی خۆی لەزەوی توند بکات،بەڵام لە نێو ئەم هەڵسوراوانەشدا ڕەوتی جیا جای هەبوون،ڕەوتێکی ئەنارشیست کە تاک ڕەوی وخۆدەرخستنی وەک مەنهەج کارلەسەردەکرد و هێزی لە بەشی دواکەوتوو ناعەقلانی کۆمەڵگای کوردی وەردەگرت و و نزیک بوونەوە یان دانەبڕان لە عەقڵی حیزب و لەهەموو ئاڵ و گۆڕێکدا خۆ لەبیرچوونەوەو خۆ بەحیزب وقائد زانین و بیرچوونەوەو دابڕان لەمەنهەج و چوارچیوەی بنەڕەتی کاری چاک کەلە پەیڕەوو پرۆگرامیدا نە خشەی کێشابوون کە گرنگترینیان مەسەلەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و مەسەلە دیموکراتی و مرۆییەکان و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بوون کەلەنەبوونی ڕێکخراوی کارای تری جەماوەری بەناچاری چاک شانی دابوونە بەر،ئەم ڕەوتە بۆ کارو پرۆژەکانی هەموو ڕێگایەکی دەگرتە بەر تێکدانی سیستەمی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانەکانی، کەڵک وەرگرتن لەدەست و خەڵکانی دەرەوەی ئۆرگانەسەرەکیەکان و هەتا گەیشتن بەوەی کەدەستی حیزبیش بواری پێ بدرێت لەبەرانبەر بڕیاری زۆرینەدا کەدەستەی بەڕیوەبەر بوو،دروستکردن یان قووت کردنەوەی کوتلەو گروپی کاتی بۆ دەستتێوەردان لەکاری کۆمیتەکانی وڵاتەکان دا،بازدان بەسەر بڕیارەکانی ئۆرگانەکاندا،بەناوی شەخسی لەقەڵە مدانی کارەکانی چاک،خۆقەبەکردن لەمیدیاکاندا و باڵای خۆ بڕین بەباڵای سەرۆکی حیزبەکان و هەڕەشەو شێوازی دوور لەکاری ڕێکخراوەیی و دیموکراتیک و مەدەنی خەوبینینی حیزبی و زیندوبوونەوەو بە هێزبوونەوەی ماخۆلانی دەسەڵات،خەباتگێڕی و قسەی تەقلیدی لەماڵپەڕەکانداو مێش کردن بە گامێش یان بە پێچەوانەوە، سیاسەتی ڕەش و سپی لێکدانەوەی دۆزو بابەتەکان و دوور لەکاری ڕوو بەکۆمەڵگای مۆدێرن و دیموکراتی و مەدەنی و تەنها سوڕانەوە لە دەوری خۆو بەخۆداهەڵدان یان خۆ داکوتان و خۆپەستانەوە،خراپ کەڵکوەرگرتن لەو ئۆرگانانەی کەلەبەردەستی دابوون وەک ڕاگەیاندن و ناوی چاک، زۆر خۆماندووکردنی ناوێت ئەگەر ڕاگەیاندنی چاک لەتەنیشت قسەی حیزبە سیاسیاکان دابنێیت لە یەک ساڵێ ڕابردوودا هەمان قسەدەکات دیارە بەداڕشتن و ئەدەبیاتێکی زۆر دوور لەقسەی ڕێکخراوێکی مۆدێرن، هەوڵدان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئۆرگانەکانی چاک یان لەکار خستنیان،و هێندەی بۆی بوارهەبوو کەڵک وەرگرتن لەشیلەی مەعنەوی شەخسیەتی چاک و لەهەندێک حالەتیشدا کەڵک وەرگرتن لەهەموو ئیمکاناتە مادیەکانی چاک بۆ خۆساغکردنەوەو خۆ بەهێز کردن لەبەرانبەر ڕەوتی بەرانبەریدا کە زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەرو هێڵی چاکسازی دا.لەدوانەفەسیشیدا هەڵپەکردن بۆ هەڵاتن لە هەرجۆرە گفتوگۆو دیالۆگێک و هەوڵدان بۆ بردن و فڕاندنی ناوی چاک و هەموو شتەنەوازەکانی چاک ئەوەی کەدەیتوانی بیان بات یان پێی وابوو کەبۆی دەچن وەک ناوی چاک،لۆگۆی

چاک پرۆژەو هەیبەت و شەخسیەتی چاک و مەسەلەی ڕاگەیاندنی چاک و هاوارهاواری ماڵپەڕەکان و خۆپیشاندان لەسەر ماڵپەڕەکان و بەهەموو شتێکدا هەڵشاخان و،لەبەرانبەر ئەوشتانەشدا کە بۆی نەدەچوون کەوتە ڕەشکردنیان وەک ماڵپەڕەکانی چاک و دروستکردنی کوخێک بۆ خۆ بەناوی ماڵپەڕی (چاک بێ) ولەچەندین ماڵپەڕیشەوە بەناوی نەناسراوو نەهێنیەوە خەریکی قسە هەڵبەستن و هێرشی دواکەوتونە بۆ سەر چاک و ئەندامانی و دەستەی بەڕێوەبەربووا.

ڕەوت و بۆچوونێکی تر کەبۆچوونی زۆرینەی دەستەی هەڵبژێرداروی کۆنگرەی چاکە،کە لە زیاتر لەیەک ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئەوە کاری دەکرد کەبەهەر نرخێک بووە دەست بەچاکەوە بگیرێت ولەچوارچێوەی سیستەمی چاکدا بەر بەم فەوزاو گێرەشێوێنیە بگرێت،و دواتریش پرۆژەی بەڕێکخراوکردن و دیموکراتی کردنی چاکی پوختەکرد نزیکەی زۆرینەی ڕەهای دەستەی بەڕێوەبەر لەسەر ئەمە ساغبوونەوەو هەربەم هۆیەشەوەو بەداخوازی دەستەی بەڕێوەبەر زۆربەی هەڵسوراون و کۆمیتەکانیش کەدژ بەم ڕەوتەو بە فەوزاکەی خۆیان هەڵپەساردبوو گەڕانەوەو دەستبەکاربوونەوە،دواتر زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەر نامەی ئاگادارکردنەوەیان دا بە سەرپەرشتیارو ئەندامان لەبارودۆخەکە ئەگادارکردەوە و لیستی یاسا شکێنی و دەرچوون لەکاری ڕێکخراوەییان ڕاگەیاند،کەگرنگترینیان مەسەلەی بەناو کۆبوونەوەی گشتی و پێکهێنانەوەی دەستەی بەناوی دەستەی سەرپەرشتیاربوو،کە پێستر بەهۆی سەرنەکەوتنیان لەکارەکانیان و بێلایەن نەبوونیان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بوونی هاوڕێیەک لەوپۆستەدا کە بەرپرسیاری حیزبێکی سیاسیەو.ئەمەش بە پێی هەموو پێوەرەکانی ناوەندی چاک ناکرێت و بواری پێنادرێت،سەیر لەوەدایە کەهەمان هاوڕێیان کەبەو دەلیلانەی سەرەوە لەدەستەی سەرپەرشتیار وازیان هێناو ئەودەستەیە نەما،لەشەوو ڕۆژێکدا دروستکرانەوەو گوایە دەسەڵاتیان پێدراوە لەکۆبوونەوەی گشتیدا و ئەوانیش بەکەیفی خۆیان کەوتنە هەڵسوڕان و کاربۆدەرکردنی ئەوانەی کەرەخنەیان لێیانهەبووە؟.

ئەم کارانە و دروستکردنی کوتلەبازی لەدەرەوەی ئۆرگانەکانی چاک و زیادوو کەمکردن و گۆڕینی دەسەڵاتەکان و خۆئامادەکردن بۆ وازهێنان لەچاک پێ بەپێی بەهێزبوونی ڕەوتی گەڕاندنەوەی چاک بۆ ئۆرگان و دەسەڵاتەکانی و مەسەلەی چاکسازی و بەڕێکخراوکردنی چاک،ئەم سیناریۆیە بەوە کۆتایی هات کە مەسەلەی دیالۆگی ڕاستەوخۆو قسەوباسکردنی کێشەی ئەم ڕێکخراوە لەسەری سەرەوەیدا وبەبەشداری چەند کەسی ناوبژیوان و وەستاندنی هێرش بۆسەرئەندامان و لابرندی فتیلەکانی ئەم ئاگرەی کەهەندێک نەوتیان پێدادەکرد،گروپی بەرانبەر کەلەبەرانبەر ئەنداماندا هەستی بە ئیحراجی دەکرد و بە دەم و شەفەهی و لەناوەندەکاندا باسی کۆبوونەوەی گشتی دەکرد،ڕۆژی دواتر سەرپەرشتیار کەبەکەمینەیەکی زۆرکەمەوە دەیزانی ناتوانێت هیچکە چاک بەدەستەوە بگرێت و ئەو بەهارە بەسەرچوو،بۆ مانەوەی خۆی ناوەکەی ڕۆژی داوتر ناوی هەمووئەوانەی کە لەدژی ڕاکانی ئەوبوون و زۆربەی دەستەی بەڕیوەبەری لە ئیمەیل گروپەکان سڕیەوەو بە پەلەنامەیەکی ماڵئاوایی نووسی! و هەرخۆشیان کەوتەنە ڕاگەیاندنی ئەوەی گوایە چاک کێشەی تێکەوتووەو کۆمەڵێک جیابوونەوە.دواتر کەتەمومژی بارودۆخەکە ڕەویەوە و بینیان ئەوان ناکرێت کەخۆیان ماڵئاوایی دەکەن و کەمینەن و نەداهێنەرو دروستکەری ناوی چاک و پایەگرنگەکانی چاکن وەک بەرنامەی چاک لۆگۆی چاک،ماڵپەڕی

چاک و پرۆژەگرنگەکانی چاک وەک دادگای تاوانبارانی ناوخۆ،کێشەی ڤان ئانرات و کۆمپانیابیانیەکان،،،هتد،کە هەموو ئەم پایەگرنگانە هی ئەوکەسانە نیە کەلەچاک دەرۆن بەڵکو خاوەنی ئەوانە لەماڵی چاکدا دانیشتوون و لەوێوەش قسەی خۆیان بەناوی خۆیانەوە دەکەن هیچ ماڵپەڕو لایەنێک ناکەنە دەمسپی خۆیان وکەسیش بەناوی نادیارەوە ناکەنە نیشانی هەندێک ماڵپەڕی بێکارو ناحاڵی.
دووشت کەزۆرگرنگە سەرنجی بدەم کەلەزۆربەی بابەتەکاندا باسی دەکرێت و هەندێک نارۆشنی تێدایە:
1-کۆبوونەوەی گشتی و بڕیارەکانی:ئەوانەی لەدەستەی بەڕێوەبەردا کەمینەن و ملیان بە دیموکراتیەتی ڕێکخراوەیی نەداو تەحەمولیان نەبوو بەرگری لەڕاکانایان بکەن و بەردەوامبن و هیچ پرۆژەیەکیان لەبەرانبەر پرۆژەی بەڕێکخراوکردنی چاکدا نەبوو،هەندێک لەئەندامان و کەسی تازەیان هێنایە چاکەوە کەزۆریان تەمەنیان لەچاکدا یەک بەهاری تەواونەکردووەو زۆریشیان حەزیان لەدەنگ و ڕەنگێکە ویان خەریکن پرۆژەی لایەن و حیزبێک دەبەنە پێشەوە و ئەم فرستەیان قۆستەوە،بەهەموو ئەوەشەوە ئەم کۆبوونەوە بەناوگشتیانە لەباشترین بارودۆخیاندا15-20% ئەندامانی چاک پێکدێنێت و لەدەرەوەی دەستەی بەڕێوەبەر کاردەکەن،هەموو کەسێک کەلە ئەلف و بێی کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری تێدەگات.دەزانێت ئەم کۆبوونەوانە چەند گشتین؟.ئایە بڕیاردان لەم کۆبوونەوانەدا بڕیاری چاک دەبن،یان بڕیاری دەستەیەکن کە بۆ ئامنجێکی تر کاردەکەن،کە ئەمانجێ ڕێکخراوی چاک نیە.

2-کۆنگرە و کۆنگرەی چاک.هەر لەم کۆبوونەوانەی سەرەوەدا کەباسم کرد بڕیاری سەیر سەیردەدرێت،داوادەکەن هەندێک ئەندام دەربکرێن،دەستەی سەرکردەو سەرۆک و سەرپەرشتیار دادەنرێن و هەموودەسەلاتێک لە هۆشی خۆیاندا بەخۆیان دەدەن،یەکێک لەو بڕیارەسەیرانەش کۆنگرەیە،سەیرتیش ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیەشیان کردووە بە هێڵی سوور بۆ گفتوگۆو لەوەڵامی کاک خەلیل غەزەلیدا زۆر بەگران و لەبەردڵی کاک خەلیل کەدۆستی کۆنی چاکە وەک هەدیەیەک دەیبەخشن بە کاک خەلیل،هەمووکەسێکی سادەدە دەزانێت کێ کۆنگرە بڕیارلەسەردەدات،دەستەی بەڕێوەبەری پێشتر و هەڵبژێرداروی کۆنگرەی کۆڵن و زۆربەی ئەندامان و کۆمیتەکانی وڵاتەکان،یان دەستەیەک کە لەدەرەوەی پەیڕەوو پرۆگرامی چاک و ئۆرگانەکانی دەیانەوێت شتێکی دی سازبکەن بەڵام لەڕویان نایات و هێشتاش دەیانەوێت کەڵک لەناوی چاک و ناوەرۆکی چاک وەربگرن،هەژێنەرە کە هەرخۆیان ڕایانگەیاندووە کە کەسانێک یارمەتیان بدەن لۆگۆیەکی تازە بۆ چاک دروستبکەن و دوایین قسەی یەکێک لەوان کەنەکۆنگرەی بینیوە و نە هیچی بۆ چاک لەدەست هاتووەناو و وناوەندی چاک بەهەڵە بەکاردێنێت بۆ جوێن بەشینەوە بە هێزو حیزب وکەسە ناحەزەکانی سەری لێ تێک چووە،نووسیویەتی کۆنگرەی دووەمی چاک.
دواقسە کەدەبێت بکرێت ئەوەیە ناوەندی چاک پرۆژەیەکی بە ئەنجام نەگەیشتووەو هۆکارێکە بۆیەکێتی خەباتکارانەی خەڵکانی کوردو غەیرە و پرۆژەی کارێکە بۆ کێشەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و بەناچاریش وەک لەسەرەوە باسم کرد مەسەلەی مافی مرۆڤ ی کوردو کێشەو داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان،ناوەند حیزبێکی سیاسی نیە،دەزانم حیزب و پرۆژەی حیزبی کوردی فەشەلی هێناوە بۆیەش حیزبیەکانش دێن لەچاکدا خۆیان ناونووس دەکەن،چاک بەوە مابوو و بەهێز بوو.کەلەسەر پێی خۆیو بە

عەقڵی ئازاد کاری دەکرد،کۆکردنەوەی دەسەڵات لەلوتکەی ڕێکخراوو لەدەستیی کەسدا گەورەترین زەرەری هەبوو،ناوەندی چاک نەکەسی دەرکردووە نە ناوی کەسیش لە ئەندامانی لادەبات !دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ هیچ گروپ و کەسێکدا داناخات،لەهەموو کارێکدا پەیڕەووپرۆگرامی پەسەندکراوی خۆی بەکاردێنێت،حوکمی تاوانبارکردن و ئامادەو بێبیرکردنەوەی نیە ،بەلآم بواریش نادات ناڕاستی و چەواشەکاری بەرانبەری بکرێت و بەشیوازی خۆی وەلآم دەداتەوە و دەست بۆ شێوازی نادیموکراتی و دوور لەبەها مرۆڤایەتیەکان نەک لەگەڵ هاوڕییانی خۆیدا بەڵکو لەبەرانبەر تاوانبارانیشدا نابات ،دەرچوونی ئەو هاوڕێیانە زەرەری خۆی دەبێت و زۆرێک لەئەندامان بێزاردەکات ئەم ڕێگایە خۆیان هەڵیان بژاردو بەناوی ئەوانیشەوە دوایین نامەی ماڵئاوایی نووسرا ،زرۆرینە لەچاکدادەمێننەوە و دەبێت چاک خۆی سازبکاتەوەو خۆی بکاتە ڕێکخراوێکی مۆدێرن و دیموکراتیک و شەفاف،بەلآم هەندێکیش وازدێنن و پەرت دەبن،ئەمەش سروشتی وازهێنان و جیابوونەوەیە !.